**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٢٢)** ئامادەکردنی:
تاهیر عەلیار

---

# سێبەری قەلە بەرد لە سەر ئاڵمانە و تاڵە سوار

## بیرەوەرییەکانی   مەلەکە مستەفا سوڵتانی

## بۆکان

ئەو کاتە تەنیا هەر بۆکان و شنۆ بە دەست پێشمەرگەوە بوون. باقی شارەکانی تری کوردستان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی رژیم. رۆژی یازدەی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی گەیشتینە بۆکان . گوڵڕوخ قوبادی چەند مانگێک لە تەشکیلاتی نهێنی مهاباد بوو . ئەحمەد شەعبانی ئەندامی بە توانا و لێهاتووی کۆمەڵە کە یەکێک لە بەرپرسانی تەشکیلاتی ئەوێ بوو ، دەستگیر دەکرێ. رژیم ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدا کە قسە بکا و ناوی هاوڕێکانی بڵێت . ئەحمەد کۆڵی نەدا و هیچی نەکوت . سەرەنجام لە ژێر ئەشکەنجەی پیاوکوژانی رژیم گیانی بەخت کرد. دوای ئەو زەربەیە ئیتر گوڵڕوخ نەیدەتوانی لەوێ بمێنێتەوە و هاتە بۆکان.




گوڵڕوخ و ناهید و من چەند مانگێک پێکەوە لە بۆکان ماینەوە . لە پێشدا لە ماڵی بیهجەت سەلیمی و فارووق بابامیری بووین. بیهجەت و منداڵەکانیان کەمتر لەوێ دەبوون. بڕیاری تەشکیلات ئەوە بوو هەتا وەزعی کومیتەی ژنان مەعلووم دەبێ، خۆمان ئاشکرانەکەین. قەرار بوو لە تەشکیلاتی نهێنی شارەکان کارمان پێ بسپێرن. بەڵام ئەو ماڵەی ئێمەی لێبووین ، بەردەوام پڕ دەبوو لە کەسوکاری پێشمەرگە کە لە هەموو کوردستانەوە دەهاتنە سەردانیان. ئەوێ وەک بنکەی لێهاتبوو و هەموو کەس ئێمەی دەدی. بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارەی تەشکیلات بەو شێوەیە ئیمکانی نەبوو. نە بۆخۆمان و نە تەشکیلات ئەو بڕیارەمان بە جیدی نەگرت. زۆر جێگا و شوێن کە نەدەبوو بچین، دەچووین. هاتووچۆی زۆرێک لە هاوڕێیان و ماڵی پێشمەرگەمان دەکرد.بۆ هێندێک ڕێورەسمی ئاشکرای کۆمەڵەش دەچووین.

دوای ماوەیەک ئێمەیان نارده ماڵی حەلیم و عەلی فەتحی. ئەو بنەماڵەیە ژیانێکی زۆر سادەی پێشمەرگانەیان هەبوو. زۆریش لەگەڵمان میهرەبان بوون ، ئەو هەموو دڵسۆزیەی ئەوانم لە بیر ناچێتەوە. زەحمەتی ئیگجار زۆریان بۆ کێشاین. ئەوان تەنیا هەر ژوورێکیان هەبوو کە ئێمە ئەو چەند مانگە لەگەڵ حەلیم و فوادی کوڕیان، لەو ژوورەدا ژیاین. نە خۆمان دەرک و تیگەیشتنی ئەوەمان بوو ، نەکەس لە بیری ئەوەدابوو کە چۆن دەبێ ئێمە چەند مانگ سەرباری ژیانی ئەو بنەماڵەیەبین. دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی، لە مانگی رەشەمەدا کۆبوونەوەی هاوبەشی کومیتەی ژنان و ناوەندیی کۆمەڵە پێکهات.عەبدوڵڵا موهتەدی هاتە کۆبوونەوەکە و هەموو ئەندامانی کومیتەی ژنان بەشدار بوون. کۆبوونەوەکە چەند رۆژی خایاند. ئێمە زۆر لە سەر گیروگرفتەکانی ژنان بە گشتی و ژنانی چالاک و هەڵسووڕاوی ناو ریزەکانی کۆمەڵە بە تایبەت قسەمانکردو ئەویش سەبارەت بە بایخ نەدان و کەمتەرخەمی لە ئاست مەسەلەی ژنان رەخنەی لە خۆیان گرت. ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیە وەک نووسراوەیەک لە گوفارێکی ناوخۆیی کۆمەڵەدا بڵاو کرایەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کومیتەی ژنانی کۆمەڵە هەڵوەشێتەوە وژنان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتدا کاریان بدەنێ وتا ئەو جێگایەی ئیمکان هەبێ ، لە تەشکیلاتە نهێنیەکانی شارەکاندا رێک بخرێن.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە من دەمهەویست بۆ دیداری ماجید بجمە تەوریز. داوام لە تەشکیلات کرد یارمەتیم بدەن و بەرێم کەن. لە وڵامدا گوتیان ماجید ماوەیەکە دەستگیر کراوە . بەو خەبەرە تووشی نیگەرانی و بێقەراری بووم . زۆر دەترسام شتێکی بەسەر بێ. لەگەڵ گوڵروخ و ناهید چووینە تەورێز. رۆیشتنەکەمان زۆر ناشیانە بوو. تەشکیلات ئیجازەی پێدابووین.بەڵام کەس پرسیاری نەکرد چۆن و بە چ وەسیلەیەک دەجن؟ پێشتر سێ شناسنامەمان لە کەسوکاری پێشمەرگە وەرگرتبوو و بە بێ ئەوەی هیچ پێوەندێک لە نێوان شناسنامەکاندا هەبێ، رێکەوتین. مە سیری رێگاکەمان لە پێناسەکانمان خراپتر بوو . ئەودەم ماشێنی راستەوخۆ لە بۆکان بۆ تەورێز نەبوو. ئێمە سێ کەس بووین کە هیچ چەشنە ئاشنایەتییەکمان بە ناوچەکەوە نەبوو . تەنانەت لەهجە و جل و بەرگیشمان فەرقی هەبوو . دێ بە دێ کەوتینە رێ . ئێوارێیەک لە ناوچەی مهاباد لەم دێ بۆ ئەم دێ لە رێگادابووین کە تووشی محەمەد خوسرەوی (زاگرۆس) بووین. ئەو لەگەڵمان هات و چووینە ئاوایی ئیندرقاش. شەوێک لەوێ ماینەوە و رۆژی دوایی بە مهاباد و ورمێ دا چووینە تەورێز بۆ ماڵی جەمیلە رەحیمی و عومەر ئیلخانیزادە.

دۆڵی ئاجیکەند

دۆڵی ئاجیکەند لە نزیک شاری بۆکان بووبووە ناوەند بۆ رێبەرایەتی و زۆرێک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە وەک بەشی چاپ و بڵاوکردنەوە ، نەخۆشخانە، پێوەندییەکان(مخابرات) و تەداروکات، لەو دێیە و لە دێهاتەکانی دەوروبەری ئەوێ جێگیر بووبوون.

هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە کومیتەی روستایی شاری بۆکان رێکخرام و کار و تێکۆشانم لەگەڵ ئەو بەشە دەست پێکرد. ئەوەندەی لە بیرم مابێ ئەم هاورێیانەی لەم کومیتەدا کاریان دەکرد بریتی بوون لە عوسمان رەمەزانی، مینەحەمامیان، سەعیدمەلاپور، رەحمان حوسێن زادە، بارزان حەسەنپور، رەزاای برام، من و پەری وەلیزادەو سەیران حوسێنی. من و سەیران زۆرتر پێکەوە کارماندەکرد. ئەرک و کارەکانمان سەرجەم کاری سیاسی/ تەبلیغی لە ناو ژنانی ئەو ئاواییانەدا بوو. ئێمە دەچووینە دێهاتەکان و کۆبوونەوەمان بۆ ژنان دەکرد. ژنان بە گەرموگوڕی بەشداریياندەکرد. کومیتەی روستایی بۆ هەڵسووران لە ناو خەڵکی زەحمەتکێشدا ، بەرنامەی تەبلیغی هەبوو، ئێمەش ئەو بەرنامانەمان بەرێوە دەبرد. تا ئەو جێگایەی لە بیرم مابێ بەرنامەکان ئاوابوون:

تەبلێغ بۆ پێکهێنانی شوورای دێهاتەکان و بەشداریی چالاکانە لەو شووراپایانەدا.

قسەوباس لە سەر مافەرەواکانی خەڵکی کورد و پێداگرتن لە سەر ئەوەیکە رژیم پێداویستییەکانی وەک ئیمکاناتی پزیشکی، دەواودەرمان، مەدرەسە، جادەوبان و شتی لەو چەشنە بۆ خەڵک دابین بکا.

قسەوباس لە سەر مافی ژنان لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا.

راگەیاندنی سیاسەتەکانی کۆمەڵە بەرامبەر بە هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان و هاندانی خەڵک بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر هێرش و سەرکوتکەریی رژیم دا.

ئەو زەمان لە کوردستان ژنان بۆیان نەبوو بچنە مزگەوت. ئێمە لە مزگەوتدا کۆبوونەوەمان بۆ ژنان دەکرد . بۆ زۆرێک لەو ژنانە جێی سەرنج بوو و زۆریان پێخۆش بوو کە بە بۆنەی ئێمەوە دەیانتوانی بێنە ئەوێ. هاوکات دەگەڵ کاری سیاسی و تەبلیغی لە ناو ژنانی زەحمەتکێشدا ، لە کاری مووچە و مەزراشدابەشداریماندەکرد و یارمەتی ژنان و کچەکانماندەدا. کار لە ناو ژنانی زەحمەتکێش خۆش و لە هەمانکاتدا سەخت بوو.

رۆژێک لە مقەر ئاشپەز بووم . بانگیان کردم و کوتیان بچمە لای ژنی یەکێک لە هاورێیان کە خەریکە منداڵی دەبێ. چووم و دیتم ژنەکە تووشی ئێش و نارەحەتییە . پێم باشبوو بیبەینە نەخۆشخانەی بۆکان. کەسێکم نارده مقەر ماشێنێک ئامدە بکەن تا ئەو خانمە بگەیەنینە شار. بۆکان ئەودەم بە دەست پێشمەرگەوە بوو و پزیشکانی کۆمەڵەش نەخۆشخانەکەیان بەرێوە دەبرد . خۆم و ژنە مامانەکەی ئاوایی لەگەڵی چووین . دوای ماوەیەک لە ناو رێگادا ژنەکە کوتی دومبەزێن . نەمدەزانی بۆچی دەیهەوێ دابەزێ. ژنە مامانەکەش هیچی نەکوت. دابەزی و لە قەراغ جادەکە کچێکی بوو. کاتێک رێکەوتین هیچمان

لەگەڵ خۆنەهێنابوو . منداڵەکەمان لە چارەکەی مامانەکە پێچاوە و بە تیغی یەکێک لە پێشمەرگەکان ناوکیمان بڕی. بە خۆشیەوە هەموو شت بە باشی چووە پێش. زۆر نیگەرانی دایک و منداڵەکە بووم و پێم باشبوو دوکتور چاوی بە هەردووکیان بکەوێ . حەولەکەم بێ فایدە بوو . ژنەکە کوتی مێردەکەم لە ماڵ نییە و باشترە بگەڕێمەوە کە منداڵە وردەکانم بە تەنیان . هەروامانکرد و گەڕاینەوە. خۆشحاڵ بووین کە منداڵەکە ساغوسلامەت بوو. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە خۆی خانمێکی رێکوپێک و سەرکەوتووە و لە ئوروو‌پاش دەژی.

پاییزی ئەو ساڵە من و شەوبۆ لوتفوڵلاهی لە بەشی بێ سیمی ناوەندیی کە پێیدەکوترا (مخابرات) ، کارمان پێ سپێردرا . ئەو کاتە ئیمکانات و کەرەسەی پێوەندیگرتن وەک ئەمرۆ نەبوو. بێسیمەکانی کۆمەڵە دەستکەوتی شەڕەکان بوو کە لە رژیم گیرابوون. لە پێشدا زۆرتر لە بێسیمی شێروخورشید کەڵکمان وەردەگرت. کاتێک کارماندەکرد زۆرێک لە کارمەندانی شێروخورشیدی ئێران گوێیان لە دەنگی ئێمە دەبوو. جارجار ئەوان گرفتیان بۆ کاری ئێمە ساز دەکردو ئێمەش هێندێک جار شتێکمان لە سەر سیاسەتی خۆمان بۆ دەخوێندنەوە. ئیتر بەرپرسی ئەوان بڕیاریدەدا کەس لەسەر خەت نەمێنێ بەڵام هێندێکیان دەمانەوە و پێیان خۆشبوو گوێ بدەنە قسەکانمان.

بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ برێک لە ناوچەکان ، کەڵکمان لە بێسیمی ئەرتەشی وەردەگرت . دەبوو بە ماشێن بچینە سەر کێوێکی بەرز . بە هۆی ئەو کارەوە چەندجار ماشێنمان لێوەرگەڕا. بەڵام کەسمان هیچی لێنەهات. هاوکارانی رژیم حەولیاندەدا موشکیلمان بۆ ساز بکەن. ئێمەش تۆڵەمان لێدەکردنەوە. پێیان سەیر بوو کە ئێمەی ژنان دەتوانین لە سەر ئیشێکی وا پیاوانە ،کار بەڕێوە بەرین. کارەکانمان بە باشی جێبەجێ دەکرد .

پاییزی ئەوساڵە دوکتور داریوش نەویدی دەورەیەکی ئامووزشی ئابووریی سیاسی لە دێی خانەقای نزیک بۆکان دانابوو. لە هەموو ناوچەکانەوە چەند کەسیان ناردبووبەشدارىن. منیش بەشداریم کرد. باشی ئەو کەلاسە ئامووزشیە بێجگەلە فێربوونی زۆر شتی تازە و بە کەڵک ، ئاشنا بوونمان لەگەڵ زۆر هاوڕێی تری ناوچە جۆراوجۆرەکان بوو.

ئاوایی زێڕاندۆڵ

رادیو کۆمەڵە لە ئاوایی سلامەت بوو. گوێزرایەوە بۆ زێڕاندوڵ. منیش بۆ کاری بێسیمی رادیۆ چوومە ئەوێ. دوکتور جەعفەر بەرپرسی رادیۆ بوو. ئێمە لە خانووەکەی ئاغای ئەو دێیە نیشتەجێ بووین. سەرما و سەغڵەتی ئەو ساڵە زوو دەستی پێکرد. فریا نەکەوتین لە کاتی خۆیدا خۆراک و سووتەمەنیی پێویست دابین بکەین بۆ سووتاندن و خۆ گەرمکردنەوە. هەر تەپاڵە هەبوو کە ئەویش بەشی نەدەکردین. هیچکەس حەقی نەبوو بە مەیلی خۆی تەپاڵە بسووتێنێ. دەبوو دەستی پێوە بگرین.

رێکخراوی (اتحاد مبارزان کومونیست) هاتنە زێڕاندۆڵ . ماڵی ئاغاکە سێ دیوی هەبوو کە دوویان دا بەوان. دیوێکیش جێگای کاری دوکتور جەعفەر و شوێنی ژیانی هەردووکمان بوو. ئەو دیوە گۆشەیەکی چیمەنتۆ کرابوو. بووبووە حەمامی هەموو هاورێیانی ژن. شوێنی تۆمارکردنی بەرنامەکانی رادیۆ کۆمەڵە لە تەویلەکەدا بوو کە برێکیان هەڵگێڕابۆوە. کارگێڕانی بەشی تۆمار کردن بە زەحمەتێکی زۆر لەو تەویلەیەدا ، بەرنامەکانی رادیۆ کۆمەڵەیان تۆمار دەکرد. هەموو ئەو کەسانەی لە رادیۆ کاریاندەکرد تەنیا هەر ژوورێکیان هەبوو. دیوەکە جێی کاروژیان بوو. ئەوەندەی لە بیرم مابێ فاتێح و موسلیح شەیخولئیسلامی ، شەهین مەسناوی، سەعید نەسیمی، محەمەد کەماڵی، گوڵی خورەمی، ناسێح مەردووخ، عومەر ئەحمەدزادە(مەلا عومەرنگلی) پەرویزشافعی، داریوش نەویدی و نەرگس(مینا ئەحەدی) لە رادیۆ کاریاندەکرد.